# سەرۆك كۆمار پێشوازی لە ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن دەكات



سەرۆك كۆمار د.لەتيف جەمال ڕەشيد لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پايتەختی ئوردن، پێشوازی كرد لە ژمارەيەك لە ڕۆڵەكانی ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسينگەی ڕاگەياندنی سەرۆكايەتی كۆمار ڕايگەياند:-لە وتەيەكدا لە ميانی ديدارەكەدا پێشكەشيكرد، سەرۆك كۆمار ئاماژەی بەوەدا، كە سەردانەكەی ئێستای بۆ شانشينی هاشميی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پەيوەندييەكانی نێوان هەردوو وڵاتی برادايە، هەروەها بۆ فراوانكردنی هاريكارييەكانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و ميسرە بە تايبەتی لە بوارەكانی وزەی نوێبووەوە، كە ئەمە پێويستی بە كاری چڕوپڕ هەيە لەو كۆبونەوەيەی ئومێد دەكرێت بەمزوانە ببەسترێت و وەزيران و تەكنيكارانی تايبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەكەن.

سەرۆك كۆمار جەختيكردەوە، عيراق بە پەرۆشە بۆ درێژەدان بە هاريكاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براكانی لە پرسەكانی بەرژەوەندی هاوبەش و گەيشتن بە لێكتێگەيشتن، كە ئاشتی و سەقامگيری لە ناوچەكەدا بەرقەرار بكات.

سەبارەت بە پرسی فەڵەستین، سەرۆک کۆمار پشتیوانی حکومەتی عێراق و خەڵکەکەی بۆ گەلی فەڵەستین دوپاتکردەوە و جەختی لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییەکان بەسەر کەرتی غەززە کردەوە، کە کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبووە.

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەڵەستین، کە داواکارییەکانی گەلی فەڵەستین بەدیبهێنێت بۆ گەیشتن بە مافە تەواوەکانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاکی نیشتمانەکەیان.

سەرۆک کۆمار تیشکی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەی عێراق لەئێستادا بەخۆیەوەدەبینێت و کاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ کۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حکومەت لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەکەی و درێژەدان بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا رونکردەوە، داواشی لێکردن لەڕێگەی ئەزمون و تواناکانیانەوە بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆک کۆمار رایگەیاند، لە میانی گفتوگۆکاندا لەگەڵ خاوەنشکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی ڕەوەندی عێراقی تاووتوێ کردوە. ئاماژەی بەوەشکرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانیان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان و تەنانەت لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی عێراقە.

لای خۆیانەوە ڕۆڵەکانی ڕەوەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوەشکردەوە، کە ئەم پەیوەندی و دیدارانە لەگەڵ ڕۆڵەکانی ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانکاری دەکات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانەی روبەڕوویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.

